گەران مەریوانی.. ونبوون لە هوشیاری و بەهودەیی و ئاوەتەکردنی بوون و نەبوون-2- نزار جاف

(2 _ 3)

نزار جاف

وابەیاربوو کە ئەم نووسینەم لە دوو بەش پێکهاتبێت، بەڵام بە هەی ئەوەی نووسینەکە زۆر دوور درێژە ئەگەر بێت دوو بەش بێت، ئەوا بە باشم زانی بیکەمە سێ بەش، تا زیاتر بە خوێنەر سەنگین نەبێت.

هەندێك جار کە دەکرێت بە دڵگەرمانی دابنێین، مرۆڤ دووچاری بارودۆخێك دەبێتەوە کە ناچاری دەکات لە دووەیانی ژیاندا ڕەگەیێك بکرێتەبەر کە بە پێی هزر و لۆجیك مایەی پێکەنین و هەڵبژاردنی زۆرینە نییە، هەر بە نموونە کاتێك کافکا بە میلینای ووت: "میلینا! نەهامەتی تە ناخوازم.. لەم بازنە نەفرەتلێکراوەی کە تەم تێدا بەندکردووە، کاتێك کە خۆشەویستی کۆڕی کردم بە دەروەڕ! کەچی میلینا وەڵامی دایەوە و ووتی: ئەگەر من تەنانەت لاشەیەکش بم ..من هەر تەم خۆش دەوێت"، بە هەمان ئاراستەو واتا کاتێك لە ڕەمانی"ڕەفائیلی فاسق"دا، ڕەفائیل خەی لەو کچە شازادە دوور دەخاتەوە کە گیروودەی بووە، چونکە هەست بەوە دەکات کە دوو ئاراستەی جیاوازن و حەز ناکات زیانی بە هەی ئەو پەوەندییەوە پە بگەیەندرێت، بۆیە بە ڕاشکاوانەش پێی دەڵێت کە ئەو زۆتر حەزی لە لەشفرۆشانە تا وای لێبکات دەستی لە بشواتەوە، بەڵام، کاتێك کە ڕەفائیل دەچێتە شوێنی لەشفرۆشان و بەڕپرسی ئەو شوێنە بە ڕەفائیل دەڵێت؛ ئەمە دانپێدانێکی یەکجار جوان چاوەڕوانکراوە دەکات، کەچی کاتێك دەچێتە ژوورەوە دەبینیت شازادەکەیە بە جل و بەرگی لەشفرۆشەوە! ڕەفائیل بە سەرسامییەوە دەڵێت: تە چی دەکەیت لێرە؟ کەچی شازادەکە پێی دەڵێت: من دەبمە هەر شتێك تە حەزت لێیەتی و پێت خۆش! یاخود لە ڕەمانی"دەستکەی خاتوو چاترلی"، کاتێك خاتوو چاترلی دەست لە مەردە ناودار دەوڵەمەندەکەی هەڵدەگرێت بە پاسەوانێك!

ئەم سێ نموونەیەی کە هێنانمەوە بە دڵنیایی بە هەر شاعیر یا ئەدیبێکی دیکە بووایە نەمدەهێنایەوە، بەڵام گەران کە لە هەموو ڕوویەکەوە بە من جیاوازترە، هێنامەوە و، مەبەستیشم لەم سێ

نموونەیە مرۆیی ئاویە کە هەوەستی نائاسایی و یەکلاخەرەوە لە دەست هەموو کەسێك ناوشتەوە و، گرانیش کاتێك ڕەبازیکی سیاسی گرتەبەر و کوردستانی جەهەشت، ئەوا دەیتوانی وەك زەربەی هاوڕێیان و ڕەبازە فیکریەکانی ڕەفتاربکات، بەڵام ئەو لەو کاتەدا تەنها کەسێك بوو لە گرووپی"کۆلکە ئەدیب و شاعیرەکانی"چایخانەی قەڵادزیەکانی بەرمابەر سینەمای سیروان، ئەو چارنووسەی هەبژاردا! هەبەتە گران هەمیشە یەك سیفەتی زەر جیاواز هەبوو لە هاوتاکانی خۆ ئەویش ڕاستگۆیی لەگەڵ دەوروبەر و بەر لەوەش لەگەڵ خۆیدا، ئەمەش وای لێکردووم هەمیشە خوێندنەوەم بە شیعرەکانی ئاراستەیەکی جیاواز لەوانی دی وەربگرێت.
گران، چ کە شاعیر و چ کە مرۆڤ، لە هەوڵی گۆڕان و لێکدانەوە و شیکردنەوە ژیان و مردن و، هەرچیەك لەو دوو ئاراستە جیاوازە دەکەوێتەوە و، هەمیشە بە ئەوەی بگاتە ویستگەیەکی ئارام بەخش، خۆی دەخاتە خولیای بیرکردنەوەیەی قوڵ، نەك تەنها بە ئاراستەی فیکری بەکۆ بە ئاراستەی دەروونیش، گران کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەوە یاخیبوونی لەسەر ئاستی زێتر نەتەوایەتی ڕاگەیاندووە، لە سەدەی بیست و یەکەمدا، پتر پەی لەسەر یاخیبوونی داگرت بەڵام ئەمجارەیان لەسەر ئاستی مرۆیی بووا!
لە دوای دەیان ساڵ لە نامەیی، گران لە سەرەتای هەبەستی"ئیتر من بار دەکەم لەرێ"، بە ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت:
" ئیتر من عەرد بەجێدەهێڵم،
دەچمەوە ئاسمان.
لە ئەستێرەیەك دەپرسم،
تا داێدەم بدات،
بە باقی تەمەن و ژیان."
عەرد بەجێهێشتن، سەرەتای ڕاگەیاندنەکی نائاسایی نەك تەنها لە مرۆڤایەتی بەکۆ لە شارستانیەتیش، دەکرێت گران لێرەدا لەگەڵ"کۆلن ویلسن" لە کتێبی"دامانی شارستانیەت" بەراوردبکەین، چونکە ئەو کاتەك کە نەفرەت لەو شارستانیەتە دەکات کە مرۆڤ تا سەدەی بیستەم دروستی کردووە، بەڵام گران نەك تەنها هەوێستی خۆی دژ بە شارستانیەتی مرۆیی زیاتر ڕوون دەکاتەوە، بەکۆ پتر وردکاریشی تێدادەکات تا بزانرێت بە هەوەستەکی لەمجارەی ڕاگەیاندووە. هەر بۆیە لەم هەبەتەدا دەڵێت:
" ئیتر من لەرێ دەم شکاوە.
باردەکەم و نامێنمەوە.
عەرد بە ئەوە و
ئاسمان بە من.

چەک بە ئەو و
کەمئەندامانی جەنگ بە من.
دڕی کتێبە گەورەکان
بە ئەو و
گومانی سەر تا ئەسقان
بە من.
سەرکەوتن بە ئەو و
بیرکردنەوە لە مان و نەمان
لە ئەستێرەیەکی تری جوان
تەنیا بە من.”،
لێرەدا، گەران نە وەک کەمینەستی دەخوازێت هەموو مافێک بە پرۆلیتاریا وەربگرێت و، نە وەک سەرمایەداری دەخوازێت هەموو هەموو چینەکان بە خەی بچووسنیتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی یەکجار سادە و ساکار لەخەبوردەیی دەیەوێت وەک عیسایەک هەموو ئازارەکانی مرۆڤایەتی لەسەر شان و کۆڵی خەی هەڵبگرێت و بڕوات، بەڵام لێرەدا دەبێت لەم هەڵوەستەی گەران زیاتر وردبینەوە، چونکە ئەو کاتەک دەیەوێت هەرچی رووە خراپەکانی شارستانییەت لەگەڵ خەیدا ببات، دەیەوێت ئەوەی کە مرۆڤایەتی دەی پێی خۆشە بیان جێبهێڵێت!
هەستکردنی گەران بە تەنیایی، وەک پیشەیەک و خوویەک لە ناخیدا رەگی داکوتیوە، و ئەو هەستەش هەمیشە وایلێکردووە هەمیشە لە گەڵان گەشتێکی بە ووچاندا بێت، لە راستیشدا پێی دڵچێت گەران هەروەک چۆن شاعیری میسری بەناوبانگ”مەحمود حەسەن ئیسماعیل” لە هەڵبەستی”روباری نەمر” باسی روباری “نیل” دەکات، و دەڵێت:
“گەشتیارێک کە خەراکی ئەندێشە و جوانی و عەتر و سایەکان بێت
تینووە و پێکەکەی و خۆشەویستی و هونەر و جوانی لە دەستیدایە
لەسەر خاکی شەو پیر هەڵگەڕا و چیاکان تەمەنیان وونکرد
کەچی هەشتا سروود بە لانە دڵچێ و پرسیار لە شەو و رۆژ دەکات”
گەران تەنیایەکی لەمجۆرەیە، بۆیە هەمیشە هەست بە نامۆیەکی قووڵ و نائاسایی دەکات و، هەر ئەوەش ناچاری دەکات هەست بە جیاوازی خەی بکات.
بەڵام، چیرۆکی یاخیبوونی گەران لێرەدا کۆتایی نایێت، بەڵکو بە جۆرێکی جیاواز لە عیسا هەڵوێست لە مرۆڤایەتی و شارستانییەت وەردەگرێت کاتێک کە لە کۆتایی هەڵبەستەکەدا دەڵێت:
” بەڵام …
ئیتر من لێرە باردەکەم.
نامەوێ کەسێکتان
لە ئاسمانیش، ببینمەوە.”

هەبەتە ئەوەی دەبەت زەر بە وردی رچاوی بکەین لەم هەبەستە بەتایبەتی و لە گشت شیعرەکانی گەراندا بە گشتی هەکی یەکجار ناسکی ڕەشبینی و نائومێدی و ئازار و هەستکی قووڵی تەنیایی لەخۆی دەگرێت، لە ڕاستیشدا گەران لە هەبەستەدا لە ڕووی ناوەکەوە زەر نزیکە لە"ئەلبیر کامە"وە لە ڕەمانی(مرەقی یاخی)، چونکە کامە لەو ڕەمانەدا کەشش دەکات کە لە ناخ و ناوەکی مرەڤ بکەتەوە و تاوتوێی ئەو ئاکامە مرەیییە لە هەدەقوەیت، گەران دەخوازێت لە ناخ و قوڵایی مرەڤ بکەتەوە ببگات بەو مەبەستەی بچی مرەڤ گیانلەبەرکی وەها دەندە و نائاسایی و دژی خەیاتی.
گەران لە هەبەستەدا هەروك نائومێدی و ڕەشبینی بەرامبەر بە مرەڤ دەتوانم بەم لە هەمان ئەو ڕەشبینییەی شبنهاوەر دەچێت، هەبەتە پەم وانییە کەس لە ڕەشبینیدا بگات ئاستی شبنهاوەر!